کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-6-2007 23:27بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## فلیمی پێشمەرگەو ژانی گەل دوو پرۆژەی نەتەوەیی یان بنەماڵەیی پەنجا بە پەنجان... رفعت /هەڵەبجەیی

سوید .

زۆربەی گەلانی دونیا سەرکردەی شۆڕشگێڕیان هەبووەو لە قۆناغێکی مێژوویی خەباتدا توانیویانە



ئازادی و سەربەخۆیی بۆ میللەتەکەیان دەستە بەر بکەن و جاری سەربەخۆیی بدەن. لە ڕووی کەسایەتیشیانەوە لەسەر ئاستی جیهان ناسراون و ژیان و مێژووی خەباتیان بە چەندین زمانی جیا جیا نووسراوە. کەچی تا کو ئێستا هیچ فلیمێکیان لەسەر دەر نەهێنراوە. (غاندی هیندستانی لەژێر دەستی ئینگلیزەکان ڕزگار کرد، هیشۆمینە سەربەخۆیی بۆ فێتنام بە دەست هێنا، ماندێلا ئەفەریقای لە دەسەڵاتی ئەپارتایید ڕزگار کرد، هتد. ) کەچی تاکو ئێستا فلیمێکیان لەسەر دەرنەهێنراوە. بەڵام دەسەڵاتە بنەماڵەییەکانی کورد کە لە هەموو بوارەکانی دەسەڵاتیاندا شکستیان هێناوە لەسەر خوێنی شەهیدان وئەنفال بە پارەی دزراوی میللەت ئەیانەوێت فلیم لەسەر سەرکردەکانیان دەربکەن بە مەرجێك میللەتی کورد بە درێژای مێژوو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لەژێر پۆستاڵی تورك وفارس و عەرەبدایە. ئەگینا نەتەوەی کورد لە هیچی کەم نیە فلیمی سەرکردەکانی نەبێت، لەکاتێکدا واخەریکە ئەوئەزمونە کە بە خوێنی شەهیدان وئەنفال بۆ گەلی کورد دەستەبەر بووبوونەك بە خەباتی سەرکردەکانی لە تیاچوونایە ئەوان ئێستە فلیمی تەزویروچەواشە بۆ میللەت دەر دەهێنن. ئەگەر مۆسسەی جاش وخەڵکی کاسەلێس بە فلیمەکانتان هەڵ بخەڵەتێ خەڵکی ووریاوبە ئاگاو ڕۆشنبیرلە وەجاخی کورددا نە براوە ڕاستیەکان وەکو خۆیان بۆ نەوەکانی دوا ڕۆژ بگێڕێتەوە ڕاستە ئێوە بە پارەی ئاووکارەبای خەڵکی ئەتوانن هەموو پرۆژەیەك ئەنجام بدەن صدامیش هەروای دەکرد بەڵام ئەوەش بزانن (مێژوو بەرتیل خۆر نیەو بە پارەی ئێوە هەڵ ناخەڵەتێ) . یەك پرسیار ئاراستەی بنەماڵەی هەردوو فلیمەکە دەکەم بۆ وەڵامەکەی جەماوەر بڕیار دەربێت؟ ئەگەر فلیمەکانتان وەکوپرۆژەیەکی نەتەوەیی باس لێوە دەکەن و بنەماڵەیی نین توخوا کارەساتی ئەنفال و هەڵەبجە فلیمی تراژیدین هەق وایە بکرێن بە فلیم یان ئەو دوو سەرکردەیە. ئەوەش قەید ناکات، خۆ ئەگەر مەبەستتان لەسەر سەرکردەکانە فلیمیان لەسەر دەر بکەن، (شێخ سەعیدی پیران بە دەستی تورك لە سێدارە درا لە پێناوی میللەتەکەیدا قازی محمد بەهەمان شێوە بەدەستی فارسەکان لە مەیدانی چوار چرا لە سێدارە درا) لەڕووی زەمەنیشەوە بێت لەوانەی ئێوە مێژووەکانیان کۆنترە دواتر سەرکردەکانی ئێوە دوای تەمەنێکی درێژ بە نەخۆشی لە نەخۆشخانە مردن لە مەیدانی جەنگداو بە دەستی دوژمن شەهید نەبوون پەلەی چیتان بوو با سەدەیەکی بەسەردا بڕۆیشتایە ئینجا فلیمتان بۆ دەر بهێنایە لە عومەر شەریفی ئەکتەری میسریان پرسی بۆچی لە فلیمی سادات دا بەشداریت نەکرد لەوەڵامدا ووتی بەڕای من سینەما تا ڕۆڵی ناودارە سیاسیەکان ببینێت هەر هیچ نە بێت با یەك سەدە بە سەر ژیانیاندا تێپەڕێت تا لایەنە سیاسیاکانی ژیانیان جوان دەر بکەوێت. یا خود ئێوەی گەندەڵ هەمیشە بەدوای بەرژەوەندیەکانی بنەماڵەکانتانا ویڵن ئاخۆ دەبێت چەند ملیۆن دۆلار لە قووتی مناڵە بێ باوك وبێ سەر پەرستەکانی هەڵەبجەوئەنفالتان بۆ ئەو پرۆژانە خەرج کردبێت ڕاستە میللەت بێ ئاگایەو نووستوە یاخوود بێ ئیرادەو دەستەو وەستانە ئەی خۆ ئەوانەش خوایەکیان هەیە هەر ئەو خوایە کە یدام و عەلی حسن مەجیدی بۆ کردنە عیبرەت و بە ڕوورەشی بە مێژووی سپاردن. لە کۆتاییدا پێتان دەڵێم ئەو دوو فلیمە نەك هەر خزمەتی نەتەوەی کورد ناکەن بەڵکوو دوو پرۆژەی بنەماڵەیی و پەنجا بە پەنجان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.